سودانی جێخت لە کاراکردنەوەی کێکردنەوەی کرێی کارەبا دەکات

ئەمە چوارشەممە، سەرۆک وەزیران محەمەد شیاع سودانی، جێختی لە پێشینەی کارەکانی حکومەت بە پرسی کێکردنەوەی کرێی کارەبا لە کەرتی کارەبا و ئامادەکردنی دیراسەی بابەتەکە کرد.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە بەیاننامەیەکدا کە دەستی ئاژانسی موتەبەع کەوتووە، دەڵێت: "سەرۆک وەزیران محەمەد شیاع سودانی، سەردانی بارەگای وەزارەتی کارەبای کرد لە بەغدای پایتەخت، بە مەبەستی ئاگاداربوون لە ئامادەکارییە پێشوەختەکانی وەزارەت بە دابینکردنی وزەی کارەبا لە وەرزی هاوینی داهاتوودا."

لە بەیاننامەکەدا هاتووە: "سەرۆک وەزیران سەرکایەتی کۆبوونەوەیەکی کرد کە تێیدا وەزیری کارەبا بە وەکالەت و ژمارەیەک لە ڕاوێژکاران و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت ئامادەی بوون. لە کۆبوونەوەکەدا پلانی بەرهەمهێنان، گواستنەوە و دابەشکردنی وزە، چارەسەرکردنی گرفتەکانی ناو تۆڕی نیشتمانی و دەسپێکی کێکردنەوەی کرێی کارەبا خرانەڕوو."

سودانی جێختیکردەوە: لەسەر "پێشینەیی دەسپێکی کێکردنەوەی کرێی کارەبا و ڕێی لە ڕێکخستنی بەکاربردن و کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی وزە"، ئاماژەی بەوەشکرد: "کێکردنەوەی کرێ تەنها بە کێکردنەوەی پارە نییە، بەڵکو ئامانج لێی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکی بەردەوام و تەرخانکردنی

داهاتەکانە بە نەژەنکردنەوەی کەرتی کاربا."

هەروەها فەرمانی دا بە "ئامادەکردنی توەژینەوەیەک لەسەر کەکردنەوەی کرێی کاربا، بە مەبەستی باشترکردنی کارایی وەرگرتنی داهاتەکان، کە تێیدا بەی تەچووی کرێی کاربا بەراورد بکرێت بە وەاتانی دراوسێ." جەختیشیکردەوە: لەسەر "پەویستی بەدواداچوون و پەداچوونەوەی بەردەوام بە پلانەکانی وەزارەت و ەکارە مەیدانییەکان بە باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان و گەرەنتی دابینکردنی کاربا بە هاوەاتیان، بەتایبەتی لەگەە نزیکبوونەوەی وەرزی هاوین."